# پێگەی ئەردەڵان لە بازرگانی ئێران (١٨٠٠-١٨٦٧ز)

م.ی. نعمت علی محمود

زانكۆی سۆران

فاكەڵتی ئاداب

بەشی مێژوو

**پێشەكی:**

پێگەی جوگرافی ئەردەڵان گرنگیەكی تایبەتی خۆی هەبوو لە ژیانی ئابووری ئێراندا, ئەم گرنگیەش دوو لایەنە بوو. لەلایەكەوە بەهۆی شوێنی جوگرافی ئەردەڵان, لە هەبوونی كەشو هەوایەكی لەبار بۆ كشتوكاڵ و ئاژەڵداری و, هەروەها بوونی دارستانی زۆری چڕ وپڕ كەوا سودێكی زۆری هەبوو لە ژیانی ئابووریدا. هەروەها لەلایەكی تریشەوە هەڵكەوتەی ئەردەڵان كەوا كەوتبوە خۆرئاوای ئێران و لەسەر سنوری دەوڵەتی عوسمانی, وایكردبوو ببێتە دەروازەیەك بۆ كاروانە بازرگانیەكان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و بە تایبەتی شاری سلێمانی, هەروەها لە ناوخۆی ئێرانیشدا چەندین ناوچەی بەیەكەوە دەبەستەوە لە ڕووی بازرگانیەوە.

توێژینەوە لە پەیوەندییە ئابووریەكان و بەتایبەت بازرگانی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە, زۆر جاریش فاكتەری سیاسی كاریگەری لەسەر ئەم پەیوەندیانە هەبوو, بە بەردەوامی جێگەی مشتومڕی نێوان هەردوو دەوڵەتی ( عوسمانی و ئێران) بوون. ئەم هەڵكەوتەی ئەردەڵان چ لە شەڕ و لە پەیوەندییە ئابوریەكانیشدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە, چونكە ناوچەی ئەردەڵان نەك تەنیا كەناڵێك بوو بۆ ئەو پەیوەندییە ئابووریانە, بەڵكو شوێنێكی بەرهەمهێنیش بوو بەتایبەتی بەروبوومی ڕوەكی و ئاژەڵی.

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا باسی لێوە كراوە جیاوازە لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆی, چونكە ئەوەی تاكو ئێستا ئەوەی باسی لێوە كراوە تەنیا بارودۆخی ئابووری ئەم میرنشینەیە بە شێوەیەكی گشتی, بەڵام لەم توێژینەوەیەدا بە ووردی باس لە ژیانی ئابووری و بە تایبەتی جموجوڵی ئاڵوگۆڕی و بازرگانی كراوە.

لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی لە شێوازی كرۆنۆلۆجی لە ڕێبازی لێكۆڵینەوەی زانستی كراوەو, جاروباریش شیكردنەوەی بابەتەكە كراوە. هەروەها پشتم بە چەندین سەرچاوەو ژێدەر بەستووە, بە شێوەیەكی سەرەكی پشتم بەستوە بە بەڵگەنامە و سەفەرنامەی گەڕیدەكان, كە زانیاریەكان لەلایەن ئەو كەسانەوە تۆمار كراون كەوا بە خۆیان سەردانی ناوچەكەیان كردوە و بە چاوی خۆیان شایەدحاڵی ڕاستی ڕووداوكان بوون, ئەم سەرچاوانەش لە توێژینەوەدا بە سەرچاوەی بنەرەتی دادەنرێن.

## تەوەری یەکەم: بارودۆخی ئابووری ئەردەڵان

ئەگەر سەیری دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و میرنشینی ئەردەڵان بە تایبەتی بکەین, پێکهاتەی دانیشتوان سێ شێوازی لە خۆگرتوە: یەکەمیان خەڵکی نیشتەجێ, ئەوانەی بە شێوەیەکی سەرەکی بە کشتوکاڵ کردن خەریك بوون. دووەم نیوە نیشتەجێ, واتا لەگەڵ کشتوکاڵ کردن ئاژەڵیشیان بەخێو دەکرد. سێیەم ئاژەڵدارەکان (کۆچەر), کەوا بە خێوکردنی ئاژەڵ خەریك بوون. ژمارەی ئەو جوتیارانەی هەرگیز ئاژەڵیان بەخێو نە دەکرد گەلێك کەم بوون. تەنانەت گوندی نیشتەجێی تەواویش مێگەلێکی بچوکی هەبوو, بەڵام لەوەڕگە بچوکەکانی لادێ ڕێگەی نەدەدا زیاتر ئاژەڵ ڕابگرن[١].

لە نێو میرنشینی ئەردەڵاندا گەلێك خێڵ و هۆز هەبوون[٢] کە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە ڕۆڵیان بینیوە, کە دیارترینیان هۆزی جافە, کە لە جوانڕۆوە تا سنە دەگرێتەوە, ئەم هۆزەش بەشێك بوون لە جافی گەورەی کوردستانی باشوور, هەروەها هۆزەکانی بلباس ومەنگوڕ وجەلالی وهەورامی.[٣].

ئەم شێوە ژیانی کۆچەری و نیمچە کۆچەریەش وای لە کورد کردبوو کە لە ژیانیدا ڕێکوپێك بێت و هەروەها نیازی پاراستنی ماڵات و زەوی و کەلوپەلیان بە هۆی هەرا و ئاژاوەی هەمیشەییەوە وای لێکردبوون کە پتر گوێ هەڵدێر و بە ئاگابن, بۆیە هەر لە منالیەوە ئامادەی کاروباری جەنگ ئەکران. هەر بۆیە ئەمەش بوو کە هەریەك لە عوسمانیەکان و ئێرانیەکانیش لە کاتی جەنگدا ئەیانویست بۆلای خۆیان پەلکێشیان بکەن[٤].لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین ئابووری ئەردەڵان بکەین بە دوو بەش:

**١-کشتوکاڵ و ئاژەڵداری:**

پێکەوە بەڕێوەچوونی ئابووری ئاژەڵداری و کشتوکاڵ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات زۆر لە یەك جیاواز بوون. لە ئەردەڵان, لە ناوچەکانی (سنە, ئەسفەندئاباد, مەریوان)دا بەهۆی ڕەخساوی ئەم شوێنانە بۆ کشتەکاڵ کردن, ئاژەڵ بەخێوکردن لە ڕووی بایەخی ئابوریەوە نە دەگەیشتە کشتوکاڵ. لە هەورامانی تەخت و هەورامانی لهۆن و بانەدا, ئاژەڵ بە خێوکردن بنچینەی ئابووری پێکهێنابوو, بەڵام هەرچی کشتوکاڵە لەوێ سیمای یاریدەدەری هەبوو[٥].

هەبوونی ئاوی سەرزەوی و زەویە کشتوکاڵیە گرنگەکان هەلێکی باشی ڕەخساندبوو بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری. ژیانی ئابووری زۆربەی دانیشتوانی ڕۆژهەڵات بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بەسترابووەوە[٦], بەروبوومی سەرەکی کشتوکاڵی لە کوردستان بە گشتی و ئەردەڵان بە تایبەتی گەنم و جۆ بوو, لەم جۆرە کشتوکاڵ کردنەش کەش و هەوای کوردستان و باران کە لەوەرزی زستان و بەهار دەبارێت و بە ڕێژەی (٤٠٠-٨٠٠م)ە, کە ئەوەش ڕێژەیەکی باشە بۆ ڕواندنی ئەم جۆرە بەروبوومە (دێم[٧])ە وایکردوە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان بکرێت[٨].

بەڵام هەندێ جۆری تری بەروبوومی کشتوکاڵی پشتی بە ئاودان دەبەست وەکو (توتن و برنج). توتنی بانە یەکێك لە هەناردە گرنگەکانی کوردستان بوو کە ساڵانە نزیکەی(٥) هەزار بار توتن بۆ دەرەوە هەناردە دەکرا[٩]. وێڕای ئەم بەروبوومانە, (گەنمە شامی, کونجی, نیسك ) هەروەها ( شوتی, ئارو و پیواز)یش دەڕوێنران و ئەردەڵانەکانیش جوتیار و باخەوانی لێهاتوو بوون[١٠].

ئامێرەکانی زەوی کێڵان و کارکردنی جوتیاران یەکجار ساکاربوون. لە گوندە شاخاویەکان و جێگە بەرزەکاندا زەوی کێڵان بە(جووت)ی لە دار دروستکراو و سەرە ئاسن (گاسن) ئەنجام دەدرا. جوتیاری ئەو

ناوچەیە کار و کاتێکی یەکجار زۆری لە کێڵانی زەویدا سەرف کردوە, چونکە ئەو زەویانەی بە مەبەستی بە پیت بوونەوە ناچێنرێن و ئەمانیش دەبێ هەمیشە بکێڵرێن([11]). جوتیارەکان زەویەکانیان بە گا و گامێش دەکێڵا و باریان پێ دەهێنان. لە لادێ تەنیا گامێش ماڤ ئەوەی هەبوو گالیسکە ڕابکێشێت, جگە لەوەش گامێش بۆ کاروباری کشتوکاڵی لە هەمووان باشتربوو و جێگەی هەموو ئاژەڵەکانی گرتبووەوە([12]).

لەتەك كشتوكاڵ كردندا, لەلایەن كۆچەرەكان ئاژەڵ بەخێو دەكرا, ئەم جۆرە گوزەران كردنە شوناسی ئابووری ئەردەڵان بوو. بەخێوكردنی ئاژەڵ لەرووی ئابوریەوە بایەخێكی زۆری هەبوو لەم میرنشینەدا. چونكە ئابووری خێڵ بە شێوەیەكی سەرەكی بریتی بوو لە بەخێوكردنی مەڕ و بزن و گا و گامێش. ئەو هۆزانە بە گوێرەی بەرژەوەندیی مەڕومالآتیان كوێستان و گەرمیانیان كردوە([13]).

ئەو ئاژەڵانەی كەماڵی بوون و لەگەڵ ژینگە دەگونجان لە ناوچەكە ڕادەگیران. هەیانبوو بۆ گۆشت و شیرەمەنی و خوری و پێست ڕادەگیران وەكو(مەڕ, بزن, مانگا) و هەروەها بۆ باركردنیش (ئێستر و گوێدرێژ)یان بەكارهێناوە([14]).جگە لەم ئاژەڵانەش بە گوێرەی ژینگە و سروشتی ناوچەكە, چەندین ئاژەڵی كێوی وەكو(بزنی كێوی, كەروێشكی كێوی, ڕێوی, بەراز, سمۆرە, ژوژك و پشیلەی كێوی) لەگەڵ چەندین ئاژەڵی دڕەندەی وەكو (گورگ, چەقەڵ, ورچ, دەڵەك و بەور) لەم ناوچانە هەبوون([15]).

لە ژیانی ئابووری كۆچەریدا, مەڕ سەرمایییەكی سەرەكی بوو, بۆ شێوە ژیانی كۆچەری مەڕ و ئاژەڵی باركردن گرنگترین بوون و دەبوایە هەبن. چونكە مەڕ سەرمایەی كۆچەری پێكدەهێنا و ئەوەی دووەمیش توانای بەڕێوەبردنی ئابووری كۆچەری پێدەبەخشین. مەڕ مانای دەوڵەمەندی دەگەیاند و بایەخی ئەو ئاژەڵە لەناو كۆچەراندا قسەی لەسەرنەبوو و هەمیشە ئەو ووتەیە دەگوترایەوە. (ئەگەر مەڕ نەبێت ژیانیش نابێت)([16]).

ئەو شێوە ژیانە نیمچە كۆچەریەی ئەردەڵان, كە بەشێك بوو لە سیمای ژیانی ئابووری خەڵكی كوردستان, وێڕای زەحمەتی و سادەیی لە گوزەراندا, بەڵام لەدوو ڕووەوە فاكتەری ئەرێنی بوو بۆ میرنشینەكە و هەموو كوردستانی ڕۆژهەڵات. لە لایەك ئەم شێوە ژیانە ئابووریە بزێوە كۆچەریە ناوچە كوردیەكانی پاراست لە وێرانبوونی ئابووری لەو قۆناغە مێژوویانەی كە میرنشینەكە پیێدا تێپەڕی لە وێران بوون و سوتان و كاول بوون, بە هۆی پشێوی ناوەخۆ و ململانێی دوور و درێژی ئێرانی وعوسمانی لەسەر خاكی كوردستان. لەلایەكی تریشەوە ئەم شێوە ژیانە كۆچەریە گرنگی سیاسی و كۆمەڵایەتیشیان بە جێهێناوە. ئەویش ڕەتكردنەوەی ئەو سنورانە بووە كە هەردوو دەوڵەتی ئێرانی وعوسمانی هەر لەدوای شەڕی چاڵدێران و پەیمانە یەك لەدوای یەكەكانی ئەماسیە(١٥٥٥ز[17]) و زەهاو(١٦٣٩ز[18])ەوە كوردستانیان پێ لەت كردبوو. هۆزە كوردیە جافەكان لە بەهاران دەچوونە میرنشینی ئەردەڵان لە ناوچەكانی ڕووباری زرێبار لە مەریوان و لە زستانانیش بۆ گەرمیانەكانی شارەزوور و بابان دەگەڕانەوە.

**٢- پیشەگەری:**

هەرچەندە چالاكی پیشە گەری لە كوردستاندا سادە و ساكار و لە سنورێكی بەرتەسكدا بوو, بەڵام دەتوانین بە پێی جۆری كەرەستەی خاو بیكەین بە دوو كۆمەڵەوە:

- **كەرەستەی ڕووەكی و ئاژەڵی**

دارستانەكانی كوردستانی ڕۆژهەڵات, سەرچاوەیەكی تری داهاتی نەتەوەیی بوون و گرنگی تایبەتیان هەبوو لە پیشەگەریدا. دارستانەكانی كوردستان لە باكوری ڕۆژئاوای شاری سنە, لە ملەی كەلیخان درێژدەبنەوە تاكو

سنوری کرماشان, کەوا ناوچەیەکی بەرفراوان لە شاخەکانی ڕۆژئاوا و ناوچەکانی (ژاوەڕۆ, گاوەڕۆ, سورسور, جوانڕۆ, ڕوانسر, هەورامان, مەریوان) دەگرێتەوە. درەختەکانیشیان بریتی بوون لە(بەڕو, مازی, دارەبەن ...هتد), کەوا بەرهەمەکەیان بریتی بوو لە بەڕو و مازوو بۆ مەبەستی پیشەگەری و خۆراکی ئاژەڵ سودیان لێوەردەگیرا[١٩].

زۆربەی کاری پیشەگەری کوردستان کەرەستەی خاوەکانیان داربوون. بۆ هەر پیشەیەك جۆرە دارێك بەکاردەهێنرا کە دارتاشەکان دەیانناسین. پیشە داریەکانیش وەکو دروستکردنی (کەوچك, شانە, سەبەتە, بەفرماڵ, دەسکی ئامێرە کشتوکاڵیەکان, سێلك, شەن, هێلەنگ و بێژەنگ, دەرگا, پەنجەرە, بێشکە, تیرۆك, کورسی, تەشی, شەکردان, دەفر)و هەموو جۆرە شتێکی تری دارین[٢٠]. جگە لە دارستانەکانیش, درەخت و بەروبومی تریش هەبوون لەم ڕووەوە سودیان لێ بینراوە. لە سەردەمی ئەمانوڵاخانی گەورە (١٧٩٩-١٨٢٤), گەڕیدەی فەرەنسی ئاماژە بە نزیکەی(٦٠٠)ماڵی کلدانی دەکات لەشاری سنە, ئەم ماڵانە باشترین شەڕابیان لە بەرووبومی ڕووەکی و بە تایبەتی ترێ و جۆ بەرهەم دەهێنا[٢١].

ئەو کەرەستانەی لە ئاژەڵیش بەدەست دەکەوت لە (شیر, پەشم, موو, گۆشت...هتد), ئەم بەرهەمانە پێویستی بە سەرمایەگوزاری و پسپۆڕی نەبوو بۆ گۆڕینی بۆ کەرەستەی ئامادەی بەکاربردن. زۆری بە دەستی مرۆڤ وەدەست دەهات و زۆر لە پێداویستیە سەرەتاییەکانی خەڵکی دابین دەکرد, بەڵام بە زۆری ئەم بەرهەمانە لە ناوخۆدا بەکاردەبران و بە کەمی بازرگانی پێوە دەکرا[٢٢]. چەرم و خوری ئاژەڵیش لە چەندین پیشەی دەستی بە کاردەهێنرا بۆ کەلوپەلی ناوماڵ و لە بەرکردن و لەپێ کردن. خامینە جۆرە پێڵاوێکی چەرم بووە کە لە پێستی ئاژەڵ چاك دەکرا. وێڕای چەندین بەرهەمی تری وەکو( کڵاش, ڤایش, کوندە و مەشکە و هیزە, جلوبەرگی لە بەرکردنی نێر و مێ, جاجم و بەرماڵ و هەموو جۆرە پێخەفێکی ناو ماڵ, گوریس و قەیاسە ...هتد)[٢٣] .

سنە یەکێ لە حەوت شارە گرینگەکانی ئێران بوو, کە لە ڕووی بەرهەم هێنان و پیشەی تەون و چنینی فەرش هەڵگری نازناوی بەرز بوو, ڕایەخی سنە لە ئەوروپا زۆر جێی پەسەند بوو[٢٤]. زۆربەی ئەو کارانەش کلدانیەکانی شاری سنە بوون. کە خەریکی پیشەی مافور چنین و ڤاڵی دەستی بوون. ڤاڵی سنە نرخی دوو تا چوار تومەن بوو, ڤاڵی دەستکردی سنەیی زۆر لە ڤاڵی شوێنەکانی تری ئێران باشتر بوو[٢٥] .

– **کەرەستەی بەرد و کانزاکان:**

جۆرێکی تری کەرەستەی خاو کە لە پیشە دەستیەکاندا سودی لێوەر دەگیرا بەرد و کانزاکان بوون. بە تایبەتی ئامێرەکانی کشتوکاڵ کردن و بەرهەمهێنان بە پلەی یەکەم پشتی بەم کەرەستە خاوانە دەبەست.

هەندێك لە پیشەگەریەکان کەرەستەی خاوەکەیان لەبەرد پێکهاتبوو, بەردتاشەکان دەیانناسین و کەرەستەیان لێ دروست دەکردن. ئەو کەرەستانەی لە بەرد دروست دەکران وەکو (بەرداش, دەستهاڕ, بانگردان, دۆل, هەسان وسەنگی کێشان و پێوان ...هتد)[٢٦].

وێڕای بەرد, لە کوردستاندا چەندین جۆری کانزا هەبوون کە لە پیشە دەستیەکان بەکار دەهێنران, وەکو (زێڕ, زیو, کبریت, ئاسن و جیوە). ئەم کەرەستانەش چ بۆ پیشەگەری و چ بۆ بازرگانی پێوە کردن سودیان لێوەردەگیرا[٢٧]. بەشێك لەو کانزایانە لە پیشە دەستیەکان و بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ڕاو شکار و جەنگ بەکاردەهێنران. وەستایەکان لە کانزاکانی (زێڕ و زیو و مس) بە پێی پێویست کەرەستەی جۆرا و جۆریان

دروست کردوە, لە زێڕ و زیو خشڵ و کەلوپەلی ڕازاندنەوەی ئافرەت دروست کراوە و, لە ئاسن ئامێرەکانی کشتوکاڵی و کەرەستەکانی جەنگ دروستکراوە, بەڵام مس زیاتر بۆ پێداویستیەکانی ناوماڵ وەکو (مەنجەڵ, سینی, کەوچك ودەفر)و شتی تر بەکارهاتوە[٢٨].

لە سەروبەندی بەدەستەوە گرتنی پاشایەتی ئێران لەلایەن فەتح عەلی شاوە(١٧٩٧-١٨٣٤), ئەمانولاخانی گەورەی ئەردەلانیش دەسەلاتی میرنشینی وەرگرت. ئەمانولاخان وێڕای چەند سیفەتێکی وەکو(بوێری ولێهاتوویی و بیرمەندی...هتد), کەچی لەلایەکی ترەوە کەسێکی ستەمکار و لەخۆبایی بوو. دەستی لە ماڵ و گیانی خەڵکی نە پاراستووە[٢٩]. هەمیشە خەریکی بە دەستهێنانی موڵك بوو. دەسەلاتی سیاسی و لەشکری میر کەرەستەی وەدەست هێنانی موڵك بوو, لە هەر ناوچەیەك پارچە موڵکی باش هەبوایە دەستی بەسەردا دەگرت و بە جەور و ستەم داگیری دەکرد یان بە فێڵی شەرعی ئەیکڕی و لە ژێر دەستی خاوەنی دەردەهێنا[٣٠]. وێڕای ئەوانەش, دەستی بەسەر هەموو کایەکانی ئابوریدا گرتبوو, قۆرخکاری لە هەموو شتێك دەکرد, تەنانەت بازرگانی بە چەکیشەوە دەکرد و, تفەنگی ئینگلیزی لەشای ئێران دەکڕی و بە خەڵکی دەفرۆشتەوە[٣١]. کەچی خەڵکی ڕەش و ڕووتی بە سوخرە کار پێدەکرد و بە ڕەنج و ماندوبوونی ئەوان کۆشك و تەلاری وەسەریەك دەنا. ئاستی بژێوی ئابووری خەڵك بە جۆرێك بوو کە دزی و جەردەیی بوو بوو بە دیاردە. گەڕیدەی ئینگلیزی (ریچ) کاتێك سەردانی ئەمانولاخان دەکات, لە شەودا دزی لێدەکرێت[٣٢]و, لە ڕێگەی حکومەتی ئینگلیزەوە سکالا لەلای شای ئێرانی لەدژی ئەمانولاخان دەکات تاکو شتومەکە بە نرخەکانی بۆ بگێڕنەوە[٣٣].

سەرباری خراپی گوزەران و ژیانی ئابووری خەڵك, کەچی میرانی ئەردەلان هەر خەریکی ژیانی خۆیان بوون. ئەمانولاخان شوێنی تایبەتی بۆخواردنەوە و ڕابواردن لە ناو کۆشکەکانی خۆی دابین کرد بوو. ئەمانولاخان وێڕای خواردنەوەی لە ڕادەبەدەر, تریاکیشی دەکێشا[٣٤]. (غولامشاخان[٣٥])یش, ئەردەلانی بە موڵکی خۆی دەزانی و خەڵکی بە بەندە و کۆیلەی خۆی دەزانی, دەسەلاتیشی بەسەر ماڵ وموڵکیشیاندا هەبوو[٣٦].

هەرچەندە لە بارودۆخی ئێران و ئەردەلان خاڵی هاوبەش و لێکچوو هەبوو, کەچی ناوچەکانی دیکەی وەکو (تەورێز و ئەسفەهان و تاران) ئاوەدانی و پێشکەوتنی ئابووری بەرچاویان بە خۆوە دیبوو, بەڵام هەرچی بارودۆخی ئابووری ئەردەلان بوو, ژێرخانی گەلێك لاواز بوو. کەرەستەی بەرهەمهێنان موڵکی دەرەبەگەکان و چەوساندنەوەی خەڵك لە ڕادەبەدەر بوو. وێڕای ئەمەش ئاڵۆزی و شەڕی ناوەخۆ و دەرەکی کارێکی نەرێنیان کردبووە سەر ژیانی ئابووری, جگە لەمەش تالان کردن و سوتاندنی شاری سنە لەلایەن کەریم خان و هەروەها شار و ئاواییەکانی تری هەورامان کە چەندین جار توشی تالان و بڕۆی خانەکانی ئەردەلان بوو بونەوە, هەموو ئەوانە هەلومەرجێکی ئابووری ناسەقامگیری لە ئەردەلان خوڵقاندبوو کە تاکو کۆتایی هاتنی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی ئەردەلانیش درێژەی هەبوو.

## تەوەری دووەم: ڕۆڵی ئەردەلان لە بازرگانیدا:

### أ- ڕێگاکانی بازرگانی:

هەر چەندە شوێنی ئەردەلان سەخت و ناخۆش بوو, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەڵکەوتە جوگرافیەکەی کەوا کەوتبووە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی وئێران بایەخی ئابووری زیاد کردبوو. لەلایەکەوە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی ناوەخۆی ئێران کەوا چەندین ناوچەی بەیەکەوە گرێدابوو, لەلایەکی تریشەوە پردێك بوو بۆ

پەیوەندی کردن بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕۆژ ئاواوە. لێرەدا لەبەر ڕۆشنایی هەریەك لە گەڕیدەکان (چریکۆف، مونشی بەغدادی، ریچ) دەکرێت ڕێگاکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بۆ دوو جۆردابەش بکەین:

١- **ڕێگا ناوخۆییەکانی ئەردەڵان**: شاری سنە وەکو سەنتەری ئەم میرنشینە بە چەندین ڕێگا بە شار و شارۆچکەکانەوە گرێدرا بوو، زۆربەی ئەو ڕێگایانەش لەلایەن ئەو گەشتیارە بیانیانەی سەردانی ئەم ناوچەیەیان کردبوو و ئازار و ماندوو بوونی ئەم ڕێگایانەیان چەشتبوو باسی لێوە کراوە. ڕێگای سنە بۆ ڕەوانسەر، کەوا لادێیەکی گەورە و فراوان بوو و لە دەشتێکی بەرین هەڵکەوتبوو، درێژی ئەم ڕێگایە نزیکەی (٤) (فەرسەخ[٣٧]) بوو بۆ سنە، لە وێشەوە دەچووە جوانرۆ، دووری نێوان ئەم دوو شارەش (٣) فەرسەخ بوو، ئەم ڕێگایە بە ڕێگە باشەکان هەژمار دەکرا[٣٨]. یەکێکی تر لەو ڕێگایانە، ڕێگەی سنە بۆ سەقز بوو، ئەم ڕێگایە پڕ لە نشێو و هەوراز بوو[٣٩]، سەقز لە ساڵی (١٨٢١ز) نزیکەی (١٥٠٠) ماڵ بوو. لەشاری سنە بۆ سەقز نزیکەی (٩) فەرسەخ بوو[٤٠]. گوڵ دەشت ئاواییەکی گەورە بوو (٣) فەرسەخ لە سنەوە دوور بوو، هەروەها ڕێگای سنە بۆ ماهیدەشتیش یەك فەرسەخ و نیو بوو[٤١]، لە سنەوە بۆ باشور ڕێگایەك بە کامیارانەوە دەگەیشت، کامیاران کەوتبووە سەر ڕێگای سنە بۆ کرماشانەوە، دووریەکەی لە سنەوە (١٠) فەرسەخ ڕێگە بوو[٤٢].

وێڕای ئەم ڕێگایانەی باسکران چەندین ڕێگای تریش هەبوون کەوا ناوچە جیاوازەکانی ئەردەڵانی پێکەوە دەبەستنەوە، هەندێك لەو ڕێگایانەش کەوتبوونە ناو ڕێگە سەرەکیەکانی شاری سنە لەگەڵ ناوچەکانی تری ئێران و هەروەها دەرەوەش. ئەم ڕێگایانە وێڕای پەیوەست کردنی ناوچەکانی ئەردەڵان بە یەکەوە، لەڕووی ئابووریشەوە گرنگی تایبەتی خۆیان هەبوو.

٢- **ڕێگاکانی دەرەوەی ئەردەڵان**: شاری سنە هەروەك چۆن ناوەندێك بوو بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی ناوچە جیاوازەکانی ئەردەڵان، بە هەمان شێوەش چەقێك بوو بۆ پێکەوە بەستنەوەی تۆڕێك ڕێگای بازرگانی لە نێوان شارە جیاوازەکانی ئێران، کەوا ناوچەکانی باکوور و باکووری ڕۆژئاوای بە شارەکانی ناوەڕاست و باشوور دەبەستەوە.

- **ڕێگای سنە بۆ تەورێز**: لە ڕێگەی (باقل، کێلە کبود، سەقز، گڵتەپە، میاندواو، ئاق تەپە)، دووری ئەم ڕێگایە لە سنەوە هەتا تەورێز (٦٧) فەرسەخ بوو[٤٣]. دواتر ئەم ڕێگایە درێژ دەبووەوە لە ڕێگەی خوی ئێرانی بە دەوڵەتی عوسمانی دەگەیاند و تاکو بەندەری تڕابزۆنی سەر دەریای ڕەش درێژ دەبوەوە[٤٤].
- **ڕێگای سنە بۆ مەراغە**: ئەویش بە چەندین ناوچەی وەکو ( هالەدورە، دیواندورە، قەبلان سەفاخانە، ساین قەڵا، دزە) تێپەر دەبوو، ئەم ڕێگایەش لە سنەوە تاکو مەراغە نزیکەی (٣٤) فەرسەخ بوو[٤٥].
- **ڕێگای سنە بۆ کرماشان**: ئەم ڕێگایەش بە ( ڕازاوە، شاخوانی، ئاسولا، کرەو دوشان) تێپەر دەبوو[٤٦]، دووری نێوان شاری سنە تاکو دەگەیشتە کرماشان (١٧) فەرسەخ بوو[٤٧]. لەم ڕێگایەدا هەمیشە کاروانە بارزرگانیەکان لەلایەن دز و جەردەکانەوە ڕووت دەکرانەوە و کەلوپەلەکانیان بە تاڵان دەبردرا[٤٨]، لە وێشەوە ڕێگاکە تاکو بەغدا درێژ دەبوەوە[٤٩].
- **ڕێگای سنە بۆ هەمەدان**[٥٠]: ئەم ڕێگایە لە هەموویان ئاڵوزتر بوو، چونکە بە گەیشتنی بە هەمەدانەوە چەندین ڕێگای تری بۆ باشوور و باکووری ئێران لێ جیا دەبوەوە. دووری نێوان سنە بۆ هەمەدان (١٧) فەرسەخ بوو[٥١]. لە هەمەدانەوە ڕێگایەك دەچووە ئەسفەهان[٥٢] و لە وێشەوە بۆ شیراز و دواتریش بۆ بەندەری بوشەهر

لەسەر کەنداوی فارس[٥٣]. ئەسفەهان چەندین کاروانسەرای تێدا بوو بۆ حەوانەوە و پێشوازیکردن لە کاروانە بازرگانیەکان و, هەروەها لە شیرازیش چەندین کاروانسەرا هەبوون, بەناوبانگترینیان کاروانسەرای (وەکیل) بوو, کەوا لە لایەن کەریم خانی زەندییەوە(١٧٥٩-١٧٧٩) دروست کرابوو. ئەم ڕێگایەش لە وەرزی زستاندا ناخۆش و سەخت بوو, وێڕای ئەوەش بە بەردەوامی کاروانچیەکان ڕووبەڕوی ڕووت کردنەوە و تەنانەت کوشتنیش دەبوونەوە. هەروەها لە هەمەدانەوە بە ئاراستەی باکوور ڕێگایەکی تر لە سوڵتانەوە بۆ تارانی پایتەخت درێژ دەبوەوە, درێژی ئەم ڕێگایەش لە هەمەدانەوە بۆتاران (٥٤) فەرسەخ بوو[٥٤]. دواتر لە تارانیشەوە بۆ قەزوین و لە وێشەوە بۆ ڕەشت تاکو دەگەیشتە بەندەر ئەنزەلی لە سەر دەریای قەزوین, کەوا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بازرگانی دەرەوە و بە تایبەتی لەگەڵ ڕوسیا[٥٥].

- **ڕێگای سنە بۆ سلێمانی:** وێرای ئەم هەموو ڕێگایانەش, لە سنەوە ڕێڕەوێك هەبوو بۆ بە یەكەوە گەیاندنی ڕۆژئاوای ئێران بە دەوڵەتی عوسمانیەوە. سنە لە ڕێگەی مەریوان بۆ پێنجوێن و لە وێشەوە بۆ سلێمانی (٤٨) فەرسەخ بوو[٥٦], دواتر ئەم ڕێگایە لە سلێمانیەوە بۆ ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی عوسمانی درێژ دەبوەوە. ڕێگەیەك لە (دەربەندی بازیان ) دەچووە کەرکوك و لە وێشەوە بۆ بەغدا[٥٧]. لە هەمان کاتدا لە کەرکوکیشەوە لە ڕێگەی زێی گەورەوە شاری موسڵی بەم هێلە دەبەستەوە[٥٨]. هەر لە سلێمانیەوە ڕێگایەکی تریش بە هەڵەبجە تێپەر دەبوو بۆ کرماشان, ئەم ڕێگایەش بەناو خاکی ئەردەڵاندا دەڕۆیشت لە ڕێگەی هەورامان و جوانڕۆوە[٥٩].

لێرەدا دەتوانین هەست بە گرنگی شوێنی ئەردەڵان و بە تایبەتی شاری سنە بکەین کەوا ناوەندی تۆڕێك ڕێگای بازرگانی و خاڵێکی بە یەك گەیاندنی هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی بوو, ئەمەش بایەخی ئابووری و سیاسی ئەم میرنشینەی زیاتر کردبوو[٦٠]. کەچی ململانێی نێوخۆیی ئەردەڵان بواری ئەوەی نەداوە ئەم شارە بەهێز و گەورە دەربکەوێت.

**ب- هۆیەکانی گواستنەوە و کاروانە بازرگانیەکان:**

ئێران جگە لە دەریای قەزوین لە باکوور و کەنداوی فارس لە باشوورەوە, ووشکایی بوو و هیچ ڕێڕەوی ئاوی تێدا نەبوو کە وەکو ئامرازێك بۆ هاتوچۆ بەکار بهێنرێت, بۆیە زۆربەی ڕێگاوبانەکانی نێوان ئەردەڵان ڕێگەی زەمینی بوون[٦١]. بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم, کاروانە بازرگانیەکان تاکە ئامرازی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و گواستنەوەی مرۆڤ بوون بە ڕێگای ووشکانی. سروشتی کاروانە بازرگانیەکانیش پەیوەست بوو بە سروشتی ئەو ڕێگاوبانانە و ئاستی گونجانیان بۆ بەکار بردن. لە هەندێ ناوچە بە هۆی سەختی ڕێگاوبان و خراپیان, تاکە هۆکاری گواستنەوەی کەلوپەل و گەشتیارانیش ئاژەڵی ( ئێستر و گوێدرێژ) بوون[٦٢], بەڵام لە شوێنەکانی تر چوار چەرخە (عارەبانە) بە هۆی ئێستر ڕادەکێشراو[٦٣], هەروەها لە ڕێگا دەشتایی و بیابانەکانیش پشت بە ئاژەڵی وشتر بەستراوە بە هۆی توانای بێ وێنەی لە ڕۆیشتندا[٦٤].

کاروانەکان لە شێوەی کاروانی گەورە و بچوك بوون. هەر کاروانێکیش لە چەند بەش پێکهاتبوو, لەوانە سەرۆك کە جڵەوی کاروانەکەی لەدەستدا بوو و سەرپەرشتی تەواوی کاروانەکەی دەکرد, هەروەها چەند کەسێکی تریش بەرپرس بوون لە خزمەت کردنی کاروانچیەکان و ئاژەڵەکانیش, کە پێیان دەگوترا (جڵەوکێش), وێڕای ئەمانە هەر کاروانێکیش چەند پاسەوانێکی هەبوو بۆ پارێزگاری کردن لەشتومەك و سەرنشینەکانی کاروانەکە لە دز و جەردە و ڕێگرەکان[٦٥].

ئەم کاروانە بە ماوەیەکی دوور و درێژ و چەندین قۆناغ ڕێگە بڕین, پێویستیان بە پشودان وحەسانەوە هەبوو, بۆیە لە زۆربەی شارەکان کاروانسەرای تایبەت بە حەوانەوەی کاروانچیان و ئاژەڵەکانیش هەبوو. ئەمانوڵلاخانی ئەردەڵان کاروانسەرایەك و بازاڕێکی گەورەی لە دەوری مەیدانی شاری سنە دروستکرد بوو و جگە لەوەش چەندین کۆشك و خانوی تازەی تیادا دروست کردبوو[٦٦], لەسەرچۆمی (عەسرئاوا) پردێکی سێ پایەی بە دووری یەك میل لەسەر ڕێگای (مەریوان- سنە) دروست کرد بوو[٦٧], بەمەش ئاسانکاریەکی باشی کرد بوو بۆ بەیەك گەیاندنی ناوچەکە بە یەکەوەو, ئەمەش هۆکارێکی باش بوو بۆ بڕەودان بە کشتوکاڵ و بازرگانی. وێڕای ئەوە, لە چەندین شار و شارۆچکەی ئێرانیش کاروانسەرا هەبوون بۆ پێشوازی کاروانچیان, لە ناوەڕاستی ئێران لە شیراز و ئەسفەهان و[٦٨], لە باکووری ئێرانیش بە درێژایی ڕێگا بازرگانیەکان کاروانسەرا هەبوون[٦٩].

وە نەبێت ئەم کاروانە بازرگانیانەش هەمیشە سەلامەت بووبن, بەڵکو چەندین جار ڕووبەڕوی پەلاماری تالآن کردن دەبوونەوە. لە ناوچە سنوریەکاندا, کەوا بە گروپ و کۆمەڵ خەریکی ڕاو و ڕووت بوون, بە تایبەتی لە نێوان خانەقین و قەسری شیرین[٧٠]. کاروانە بازرگانیەکان بە بەردەوامی لەلایەن ڕێگر و تالآنچی توشی مەترسی ڕووت کردنەوە دەبوون, مەگەر کاروانە بازرگانیەکان لە ژمارە و هێزدا لەوان بالآدەست تر بونایە, ئەگەر نا بە سەلامەتی ڕزگاریان نەدەبوو[٧١], زۆرجاریش لە سنوری دەسەڵاتی سەرۆك هۆزەکاندا باجیان لێ وەردەگیرا, بازرگانەکان چەندین جار لە ڕێگای بازرگانی ڕۆژئاوای ئێران و بە تایبەتی لە سەر ڕێگای ( هەمەدان بۆ خوڕەم ئاباد) لەسەد باری وشتر یەك بار باجیان لێ سەندراوە[٧٢], هەندێ جاریش بازرگانان لە سەروماڵیان دڵنیا نەبوون, بۆیە ناچار بە ڕێگا گۆڕین دەبوون[٧٣].

**ت-ئاڵوگۆڕی بازرگانی:**

یەکێك لەو ڕواڵەتە ئابووریانەی لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەدی دەکرا ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی بازرگانی بوو. بازرگانی ناوەخۆی میرنشینی ئەردەڵان بریتی بوو لە ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی بازرگانی لە نێوان شار و دێیەکانی ئەم میرنشینە, بەڵام بازرگانی دەرەوەی لەگەڵ شار و شارۆچکەکانی ئێران و, هەندێك جاریش لەگەڵ بەغدا و شارەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی کردووە.

بانە یەکێك بوو لە شارەکانی ئەردەڵان, بە هۆی بوونی سەرچاوەی ئاوی سروشتیەوە کشتوکاڵی زۆری تیا کراوە[٧٤], بە تایبەتی بەرهەمی توتن, کە بە زۆری بازرگانەکانی هەمەدان و تەورێز و زەنجان و سنە ڕوویان تێکردووە و لەگەڵ خۆیاندا کەلوپەلی زۆریان بۆ ئەوێ بردووە و, لە وێشەوە توتن و مازویان بردۆتەوە. بوونی جۆرێکی باشی توتن لەم ناوچەیەدا بایەخی بازرگانی زیاد کردبوو[٧٥]. بە هۆی بوونی چەندین کاروانسەرا لە بانە, کاتی گەیشتنی مازو بازرگانە گەورەکان لە هەرلایەك ڕوویان لەم شارە دەکرد بۆ بازرگانی کردن بەمازو[٧٦]. هەروەها لە (کوزە کورە)ی نزیك زرێبار, لە قەدپاڵی چیاکانەوە هەنگوینی زۆر بەرهەم هێنراوە[٧٧]. لە سەقزیش, بە هەمان شێوە بەرهەمهێنانی هەنگوین ناوبانگی باشی هەبوو و, چونکە هەبوونی ڕووەك و گیای بۆن خۆش لەم ناوچەیە یاریدەدەر بوو بۆ پەروەدە کردنی هەنگ. ئەم بەرهەمە ڕەوانەی شاری سنە کراوە و لەوێشەوە بازرگانی پێوە کراوە[٧٨]. جگە لەوەش, سەقز توتن و مازو و لۆکەی زیاد لە پێداویستی خۆی بەرهەمهێناوە و ئەوەی تری ڕەوانەی تاران و ئازەربیجان کردوە[٧٩].

له شاری جوانرۆ پیشەی دەستی زۆر بوو, دروست کردنی چەقۆ و خەنجەر و چاك كردنەوەی چەك لە پیشە بە ناوبانگەكان بوون و, لە ڕووی بەروبوومیشەوە هەنگوینی جوانرۆ ناوبانگی باشی هەبووە و بازرگانیشی پێوە کراوە[٨٠].

بازرگاناكانی شیراز و كاشان و شوێنەكانی دیكە ڕوویان لە سنە دەكرد. داواكارانی كەلوپەلی سنە لە شوێنێك كۆدەبونەوە كەپێی دەگوترا (گەڕەكی بازاڕ), خەڵكی ئەم شوێنە بازرگان وتوێژەكانی تری بازاڕی لێبوو[٨١]. شاری سنەش چەندین جۆری پیشەگەری تیابووە, كەوا زۆریان بە مەبەستی بازرگانی كردنەوە ئەنجام دەدران. پێستی ڕێوی لەلایەن بازرگانە كلدانیەكانەوە ئاڵوگۆڕی پێوە کراوە و لە شاری بەغدا فرۆشراوە[٨٢], چریكۆف ئاماژە بە پیاوێكی كلدانی دەكات كە ئەو پێستانەی بە بڕی (٢٥٠٠) دینار كڕیوە و لەشاری بەغدا بە دوو ئەوەندە, واتا بە (٥٠٠٠) دینار فرۆشتویەتیەوە[٨٣]. هەروەها لە سەردەمی ئەمانوڵلاخانی گەورە, ڕیچ ئاماژە بە جۆرێك لە مەرمەڕ دەكات, كەوا لە هەمەدانەوە هێنراوەتە ئەردەڵان و بۆ دیوار و پلیكانەی كۆشكەكانی ئەمانوڵلاخان بەكارهێنراوە بۆ مەبەستی جوانكاری و ڕازاندنەوە[٨٤]. ناوچەكانی گەیلان و ئیستڕئابادی باكووری ئێرانیش بە هەمان شێوە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئەردەڵان كردووە. لەئەردەڵان بنیشت و مازو و قاڵی بۆ گەیلان نێردراوە و, لە وێشەوە برنج و قاپ و كەوچكی روسی و سەماوەر و, لە ئیستڕئابادیش ئارجیل و كوشمیش هێنراوەتەوە[٨٥].

ناوچەی هەورامان لە ئاژەڵداری بەناوبانگ بوو, بە ڕادەیەكی زۆر بەروبوومی ئاژەڵی دەنێردرایە دەرەوەی ناوچەی خۆیان و, گۆشتی شارەكانی ئەسفەهان و تارانی پایتەختیش بە شێكی زۆری لە ئەردەڵانەوە دابینكراوە[٨٦].

**پ-بازرگانی ترانسیت:**

پەیوەست بوونی بە شێكی زۆری سنوری ڕۆژئاوای ئێران لە ڕێگەی میرنشینی ئەردەڵانەوە بە دەوڵەتی عوسمانی و, بە تایبەتی هەردوو شاری بەغدا و موسڵ بە هۆی بوونی چەندین ڕێگای بازرگانیەوە بوو بوە هۆی گەشەكردنی بازرگانی (ترانسیت) لە نێوان هەردوو وڵاتدا. شاری سنە پشكی هەبوو لە گوزەركردنی كاروانە بازرگانیەكان, چ لە شارەكانی ئێرانەوە بێت بۆ هەر دوو شاری بەغدا و موسڵ, یاخود بە پێچەوانەوە كەلوپەلی بازرگانی لە شوێنە جیاجیاكانی دەوڵەتی عوسمانی و تەنانەت ئەوروپاش لەم ڕێگەیەوە بۆ شارەكانی ئێران دەچوون[٨٧]. كاروانە بازرگانیەكانی سلێمانی لەگەڵ كرماشان لە ڕێگەی هەورامان بە خاكی ئەردەڵاندا گوزەریان دەكرد و, هەروەها لە ڕێگەی (سلێمانی - پێنجوێن- مەریوان- سنە- مەراغە) بە نێوخاكی ئەردەڵاندا دەڕۆیشت[٨٨]. هەڵكەوتەی شوێنی جوگرافی ئەردەڵان هۆكارێك بوو بۆ ئەوەی بە شێكی بازرگانی باكوور و ناوەڕاستی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بەم ڕێگەیەدا بڕوات.

هەمەدان بە هۆی بوونی ئاووهەوایەكی سازگار و لەبارەوە سەرچاوەی چەندین بەرووبومی میوەی جۆراو جۆر بوو[٨٩]. مانگانە لە هەمەدان و سنەوە كاروانێك بۆ سلێمانی نێردراوە, كەوا كەلوپەلی وەكو (ڕۆن و مێوەی ووشك و هەنگوین)یان لەگەڵ خۆیان بردوە و, لە دەریای قەزوینیشەوە هەر لەم ڕێگەیەوە كانزای (پۆڵا)یان بۆسلێمانی بردوە[٩٠]. وێڕای ئەوانەش, بازرگانانی هەمەدان لەڕێگەی ئەردەڵانەوە مازوی ناوچەی شنۆیان بۆ هەمەدان بردووە[٩١].

بازرگانانی سلێمانی مانگی جارێك یاخود کەمتر کەلوپەلی وەکو( خورما و قاوەی دەنك)ی بەغدایان لەگەڵ خۆیان بۆ شاری تەورێز بردوە و لە وێشەوە ئاوریشم و قوماشیان لەگەڵ خۆیان هێناوە و ئاوریشمەکەشیان لە بەغدا فرۆشتۆتەوە[٩٢], هەروەها خورمای بەغدا بۆ شارەکانی کرماشان و هەمەدان وناوچەکانی تری باکووری ئێران ڕەوانەکراوە[٩٣], وێڕای ئەوەش, سلێمانی لە ڕێگەی هەڵەبجەوە, کە بە نێوخاکی ئەردەلاندا گوزەری دەکرد, ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ کرماشان و زەهاویش کردوە[٩٤].

ئەم ئاڵوگۆڕیە تەنیا کەلوپەلی خۆراکی و کانزایی لە خۆ نەگرتبو, بەڵکو بە هۆی پەرەسەندنی کاری پیشەگەری لە ئێران جموجۆڵی بازرگانی زیاتر گەشەی کردبوو. چەندین کەلوپەلی دروستکرا و نێردراونەتە دەرەوە بە مەبەستی بازرگانی کردن, بە تایبەتی بۆ سلێمانی و لە وێشەوە بۆ ناوچەکانی تر, لە وانە وەکو ( فەرش, قۆری, سەماوەر, مشکی, خەنە, وەسمە, چیتی ئەسمەرخان), هەروەهاچەندین کەرەستەی خۆراکی تری وەکو ( سرکە, بادام, بستە, دەنکە کولەکە, ناوکە هەرمێ, کشمیش, باسوق, سجوق) لەگەڵ ناردنی ڕێژەیەك لە مەڕ و ماڵات, لە وێشەوە هەندێك کەرەستەی خۆراکی و بەکاربردنی وەکو ( خورما, شەکر, چا, قامیشی شەکر, سابوون) هێنراوەتە ئێران[٩٥]. وێڕای ئەمانەش, فەرشی ئەردەڵان نێردراوەتە ئینگلترا و فەرەنسا و ئەمریکاش[٩٦]. گەڕیدەیەکی بیانی ئاماژە دەکات کە بازرگانانی ئێران قازانجێکی باشیان لە بازرگانی کردنی ئەسپ بە دەست دەکەوت, ساڵانە ژمارەیەکی زۆر ئەسپیان بۆ هیندستان دەنارد و, هەندێ جاری تریش بۆ شوێنی دوور تری وەکو (کشمیر) دەچوون و لەگەڵ قبوڵ کردنی ئەو هەموو مەترسیانەی دەهاتە بەردەمیان, تەنیا بۆ ئەوەی قازانجی زۆریان دەست بکەوێت و, لەو سەریشەوە ئاوریشمیان هێناوە بۆ شاری موسڵ[٩٧].

شاری سنە هاوتای شارە گرنگەکانی ئێران بووە لە پیشەی تەون و چنین و دروست کردنی فەرش, کەوا فەرش و ڕایەخی سنە لە ئەوروپا زۆر پەسەند بووە[٩٨]. زۆربەی ئەو کارانەش کلدانیەکانی شاری سنە بوون, کەوا خەریکی پیشەی مافور چنین و قاڵی دەستی بوون. قاڵی سنە نرخی دوو تا چوار تومەن بوو و, زۆر لە قاڵی ناوچەکانی تری ئێران باشتر بوو[٩٩].

### ج– هۆکارە کاریگەرەکان لە سەر بازرگانی:

وێڕای بوونی پەیوەنییەکی بازرگانی دیار لە نێوان ئەردەڵان ودەوڵەتی قاجاری لە ناوخۆی ئێران, بەڵام چەندین هۆکاریش کاریگەری نەرێنیان هەبوو لە سەرجموجۆڵی بازرگانی بە گشتی. ئەوەش لە چەندین هۆکاردا خۆی دەبینیەوە:

١- دووری هەندێ ناوچە لە ڕێگای بازرگانی. بەهۆی سەختی ناوچەکە و نەبوونی ڕێگاوبانی باش, بۆیە خاوەن زەویە کشتوکاڵیەکان ناچار دەبوون بە نرخێکی کەم بەروبوومەکانیان لە شوێنی خۆیدا بفرۆش[١٠٠].

٢- زۆربەی ئامرازەکانی گواستنەوە ئاژەڵ بوو, بە تایبەتی (وشتر و ئێستر), کە ئەم ئاژەڵانەش توانایەکی دیاریکراویان هەبوو بۆ کار پێکردن. هەرچی (گوێدرێژ)یشە کەمتر بەکار هاتوون و ئەسپیش تەنیا بۆ سواربوون و جەنگ بە کارهاتووە[١٠١].

٣- نەبوونی هێمنی و ئاسایش لە سەر ڕێگاکانی بازرگانی, بوونی دز و جەردە و ڕێگر و کۆنترۆڵ نەکرانی ئەم ڕێگایانە بە هۆی پشێوی و نا ئارامی سەر سنورەکان, بەربەستێکی تری بەردەم گەشەکردن و پێشوە چوونی بازرگانی دەرەوە بوو.

٤- ژیانی خێڵەکی خێڵە کوردە کۆچەریەکان, خۆی لەخۆیدا هۆکارێك بوو بۆ دەرنەکەوتنی بازرگانی لە کوردستاندا, چونکە خێڵ گوێناداتە کاروباری ئابووری ئاوەدانی و ئاوەدانکردنەوەی وڵات. پێکهاتەی میرنشینی ئەردەڵانیش پێکهاتەیەکی خێڵەکی و نیمچە کۆچەری بوو[١٠٢].

٥- نەبوونی سەرمایەی پێویست, کە بە بنەمایەکی گرنگی ئابووری دادەنرێت, ئەویش هۆکار بووە بۆ کزی جوڵانەوەی بازرگانی بە هۆی نەبوونی و خراپی ڕەوشی ژیان و گوزەران.

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە, کەوا هەرچەندە لە ئەردەڵان پیشەگەری بە شێوەیەکی بەرچاو هەبوو, بەڵام لە جموجۆڵی بازرگانیدا لەگەڵ دەوڵەتی قاجاری لە زۆر شتی دروستکراو پشتی بە کەلوپەلی ئێرانی بەستبوو, بە تایبەتی جلوبەرگ و قوماش و کەرەستەی بیناسازی و جوانکاری. ئەمەش ئاماژەیەکی نەرێنی بوو لەسەر بازرگانی ئەردەڵان لەگەڵ دەوڵەتی قاجاری. لەگەڵ ئەوەشدا, جگە لەوەش بازرگانی ئەردەڵان بازرگانیەکی چالاك و ڕەسەن نەبووە, مێژوونوسێکی نوێش پێیوایە بازرگانی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەرەوە نەبووە، بەڵکو بە هۆی میللەتە باڵادەستەکانی تری ئێران وەکو (فارس وتورك وعەرەب و ڕوس و ئەرمەن)ەوە ئەنجام دراوە[١٠٣]. ئەمە نەوەك تەنیا تایبەت بێت بە ئەردەڵان, بەڵکو لە شارێکی وەکو سلێمانی کەوا (١٥) هەزار دانیشتوان بوو و زۆربەیان کورد بوون, کەچی جولەکە و ئەرمەنیەکان بازرگانیان بۆ خۆیان قۆرخ کردبوو[١٠٤], ئەوەی زیاتریش پشت ڕاستی ئەم بۆچونەمان دەکاتەوە ئەوەیە کەوا لەم ماوەیەدا لە هیچ سەرچاوەیەکی ئێران وئەردەڵانیش ناوی بازرگانی کوردی نەهاتووە. لە کاتێکدا ناوچەکانی تری ئێران وەکو (بوشەهر, کەنداوی فارس, تەورێز, تاران و خۆراسان) ناوەندیی بازرگانی گەورەبوون و کەلوپەلی ئێران لە وێوە بۆ دەرەوەی وڵات بازرگانی پێوە دەکرا[١٠٥]. بە هەمان شێوەی بازرگانە کوردەکان, بازرگانە ئێرانیەکانیش کەوتبونە ژێر کاریگەری بازرگانی وڵاتە زلهێزەکان و, کاڵا بیانیەکان جێگەیان بە کاڵا ناوخۆییەکان لەق کرد بوو[١٠٦], ئینجا دوای ئەوانیش (بازرگانی فارس) هەمان مامەڵەی زۆرداری لەگەڵ بازرگانە کوردەکان دەکرد[١٠٧].
بە شێوەیەکی گشتی ئابووری ئێران لە سەردەمی قاجارەکاندا تەنیا دابینکەر بووە, واتا نەمری و نەژی[١٠٨].

**ئەنجام**

١- بەپێی سروشت و هەڵکەوتەی جوگرافی ئەردەڵان گرنگی باشی هەبووە لەژیانی ئابووریدا, بە تایبەتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری, بەڵام لە بازرگانیدا ڕۆڵی لاوەکیان هەبووە بە هۆی قۆرخکاری چالاکی بازرگانی لەلایەن بازرگانانی نەتەوەکانی تری ئێران بە تایبەتی (فارس, تورك, ئەرمەن), ئەمەش بە خاڵێکی نەرێنی لەسەر ئابووری ئەردەڵان هەژمار دەکرێت.

٢- بارودۆخی ئابووری ئەردەڵان بەشێك بووە لەئابووری خراپی ئەو کاتی ئێران, کەوا بە هۆی بوونی جەنگە زۆرەکانی و خراپی سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات لەلایەن قاجارەکانەوە, ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری بە سەر ئەم ناوچەشەوە هەبووە.

٣- سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی میرنشینی ئەردەڵان کەوا کۆچەری و نیمچە کۆچەری بوو, ئەویش هۆکارێك بوو بۆ لاواز کردنی ڕۆڵی ئەم ناوچەیە لە بازرگانیدا, چونکە خێڵە کۆچەریەکان تەنیا گرنگیان بە کشتوکاڵ کردن و بەخێو کردنی مەڕو ماڵات دەدا.

٤- بە درێژایی سەردەمی قاجارەکان پیشەگەری لە کوردستان و بە تایبەت لە ئەردەڵان بواری بۆ نەڕەخساوە, ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەردەڵان زیاتر گرنگی سیاسی و سەربازی هەبووە بۆ ئێران و وەکو شورەیەکی پارێزگاری کردنی سنوری ڕۆژئاوای ئێران هەژمار کراوە, کەچی لەگەل ئەوەشدا توانیویەتی پێداویستی ناوخۆیی میرنشینەکە دابین بکات.

٥- ململانێی ناوخۆیی و نەبوونی سەقامگیری سیاسی و سەربازی فاکتەر بوون بۆ چەقبەستنی ئابوری, چونکە میرانی ئەردەڵان ئەوەندەی لە خەمی قایم کردنی پێگەی خۆیان و دژایەتی کردنی یەکتری بوون, خەمی بوژاندنەوەی میرنشینەکەیان نەبوو.

٦- بە کۆتایی هاتنی ئەو میرنشینەش هیچ کاریگەریەکی نەکردە سەر ئابوری ئێران, چونکە میرنشینەکە ماوەیەکی دوور ودرێژ بوو لەلایەن بنەماڵەی قاجاریەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ حوکم دەکرا, کۆتایی هێنان بە فەرمانڕەوایی ئەو میرنشینە تەنیا گۆڕینی میری ئەردەڵان بوو بە کەسێکی نزیکی بنەماڵە قاجاری کە تەنانەت کاردانەوەی سیاسیشی بە دواوە نەبوو.

٧- نەبوونی کەسایەتی سەرمایەگوزار بە تایبەتی لە بواری بازرگان, کەوا هیچ سەرچاوەیەك ئاماژەی پێ نەکردووە, تەنیا ئەوە نەبێت میرانی ئەردەڵان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ئەوکارەیان کردبێت.

## پەراوێزەکان

([١]) ی.ئی.ڤاسیلیاڤا, کوردستانی خواروی رۆژهەڵات، و: ڕەشاد میران، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٠, ل ل٩٨-٩٩.

([٢]) بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی ژیانی هۆزەکان بڕوانە: میرزا شکرالله سنندجی (فخر الکتاب), هۆز و تیرە و تایفەی کورد لە کوردستانی ئەردەلان،و: ئەنوەر سوڵتانی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٦.

([٣]) میهردادی ئیزەدی, چەردە باسێك لە بارەی کوردانەوە, و: ئەمین شوانی, چاپی یەکەم, دەزگای سەردەم, سلێمانی ٢٠٠٧, ل١٨٤.

([٤]) ن, أ, خالفین, خەبات لە رێی کوردستان, و: جەلال تەقی, چاپخانەی ڕاپەڕین, سلێمانی ١٩٧١, ل١٩.

([٥]) ڤاسیلیەڤا, س. پ, ل٩٨.

([٦]) جان ڕپێری, کەریم خانی زەند, مێژووی ئێران لەنێوان سالانی (١٧٤٧-١٧٧٩)،و: سەلاحەددین ئاشتی، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٥, ل٥٢٦.

([٧]) دێمی بە واتای ئەو بەروبوومانەن کە تەنیا پشت بە باران دەبەستن بۆ ئاودان.

([٨]) کلۆدیوس جیمس ریچ, گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان، و: محەمەدی حمەباقی،چاپی پێنجەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠١٢, ل١٤١ ؛ عیزت فتاح حمە صالح, هەورامان توێژینەوەیەکی سۆسیۆ ئەنترۆپۆلۆجی, سەنتەری ستراتیژی کوردستان, سلێمانی ٢٠٠٦, ل١٠٦.

([٩]) شیخ محمد مردوخ کردستانی, تاریخ مردوخ، چاپ اول، نشر کارنك، تهران ١٣٧٩, ص٢٨٩.

([١٠]) ریچ, س. پ, ل١٤١ ؛ میسیو چریکوف, سیاحەتنامەی مسیو چریکوف، بە کوششی عەلی ئەسغەر عومران،و: سەڵاح نیساری، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر ٢٠١٣, ل١٧٢.

([١١]) ڤاسیلیەڤا, س. پ, ل٩٥.

([١٢]) ه. س, ل٩٧.

([١٣]) محەمەد فەریق حەسەن, مێنتەلێتی خێڵ, چاپی یەکەم, لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس, هەولێر ٢٠٠٨, ل١٨.

([١٤])عیزت فتاح حمەصالح, س پ, ل١٠٨.

([١٥]) ه. س, ل ل١٠٧-١٠٨ ؛ میسیۆ چریکۆف, س. پ, ل١٧٢.

([١٦]) ڤاسیلیەڤا, س. پ, ل ل٩٦-٩٧.

[١٧] - یەکەمین پەیماننامەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی بوو, کەوا بریتی بوو لە دەست هەڵگرتنی سەفەویەکان لە فارس و قەڵاکەی بۆ عوسمانیەکان ودەست نیشان کردنی سنوری نێوانیان لە ناوچەی شارەزوور. کامران عبدالصمد الدوسکی, کردستان العثمانیة فی النصف الاول من القرن التاسع عشر, دار سبیریز للنشر والتوزیع, دهوك ٢٠٠٢,ص١٥٧.

[١٨] - ئەو پەیماننامەیەلە نێوان هەردوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی بوو, کەوا بناغەی دیاری کردنی سنوری نێوان هەردوو دەوڵەت و دابەش کردنی کوردستان بوو لە نێوان خۆیانەوە. عماد الجواهری. صراع القوی السیاسیه فی المشرق العربی من الغزو المغولی حتی الحکم العپمانی, الموصل ١٩٩٠, ص١١١.

([١٩]) نازناز محەمەد عەبدولقادر، میرنشینیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەسەردەمی فەرمانڕەوایی قاجارەکاندا، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، ڕامیاری وئابورییە، کولیژی ئەدەبیاتی زانکۆی صلاح الدین، هەولێر٢٠٠١، ل٦٩ ؛ خالفین، س. پ، ل٢١.

([٢٠]) عیزت فتاح، س. پ، ل١١٤.

([٢١]) میسیۆ چریکۆف، س. پ، ل١٧٠.

([٢٢]) دکتر رضا شعبانی، مبانی تاریخ اجتماعی ایران، نشر قومس، تهران زمستان ١٣٦٩، ص٧٠.

([٢٣]) عیزت فتاح، س. پ، ل١١٥.

([٢٤]) جان ڕیبیری، س. پ، ل٥٢٣.

([٢٥]) میسیۆ چریکۆف، س. پ، ل١٧٠.

([٢٦]) عیزت فتاح، س. پ، ل١١٤.

([٢٧]) نازناز محمد قادر، س. پ، ل٧٠ ؛ خالفین، س. پ، ل٢١.

([٢٨]) عیزت فتاح، س. پ، ل١١٥.

([٢٩]) میرزا شکرالله سنندجی (فخر الکتاب)، تحفه ناصری در تاریخ و جغرافیای کردستان، مقابله و تصحیح: دکتر حشمت الله طبیبي، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران ١٣٧٥، ص١٩٠ .

([٣٠]) بابا شێخ حوسێنی، بەرامەی شکۆ و کوژانەوەی دەسەڵاتی ئەردەڵان، کۆی وتارەکانی کۆنگرەی ئەردەڵانناسی، ل٥٩٣.

([٣١]) ریچ، س. پ، ل٢١٢.

([٣٢]) ھ. س، ل٢٤٥.

([٣٣]) میرزا صالح غلامحسین، اسناد رسمی در روابط سیاسی ایران با انگلس و روس وعثماني، جلد١، نشرتاریخ ایران، مرکز پخش: انتشارات خوارزمی، چاپ اول، تهران ١٣٦٥، ص١١٤. بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(١) بەڵگەنامەی ژمارە( ١).

([٣٤]) ریچ، س. پ، ل ل٢١٣-٢١٤.

[٣٥] - کوڕی خسرۆخانی ناکام بوو، لەبەر ئەوەی لە حەرەمسەرای فەتح عەلی شا لە دایك بوو بوو، ئەو شایە ئەڵقەی کۆیلەیی (غوڵامی) کردۆتە گوێچکەی و نازناوی غوڵامشاخانی پێ دەبەخشێت و بەم نازناوە دەناسرێت. محمد مردوخی، تاریخ مردوخ، ص٣٩٧.

([٣٦]) بابا شێخ حوسێنی، س. پ، ل ل٥٩٦-٥٩٧.

[٣٧] - فەرسەنگ یا فەرسەخ: یەکەیەکی پێوانەی دووری بووە بۆ پێوانی دووری شار و ڕێگاکان کە نزیکەی شەش کیلۆمەترە. ماجد مەردۆخی روحانی، فەرهەنگی فارسی کوردی، دانشگاه کردستان، سنندج ١٣٨٨، ص١٠٠٠.

([٣٨]) میسیۆ چریکۆف، س. پ، ل ل١٧٣-١٧٤.

([٣٩]) ڕیچ، س. پ، ل ل٢٣٥-٢٣٦.

([40]) محمد بن احمد الحسينى المنشى البغدادى, رحله المنشى البغدادى, ت: عباس العزاوى, دار الوراق للنشر المحدوده, بيروت ٢٠٠٨, ص١١٣.

([41]) ميسيۆ چريكۆف, س. پ, ل ل١٧٣-١٧٤.

([42]) المنشى البغدادى, م. س, ص١١٦

([43]) م. ن, ص ص١١٣-١١٤.

([44]) امير مسعود رضايى, ايران در زمان سلطنت ناصرالدين شاه قاجار, انتشارات پيمان, چاپ اول, تهران ١٣٨٩, ص٩٥ ؛ مامۆستا جەعفەر, شارى سلێمانى ململانێى گروپە كۆمەڵايەتيەكان (١٨٢٠-١٩٢٠), چاپخانەى شڤان, سلێمانى ٢٠٠٦, ل٤١.

([45]) المنشى البغدادى, م. س, ص ص١١٣-١١٤.

([46]) ميسيۆ چريكۆف, س. پ, ل١٦٦.

([47]) م. ن, ص١١٦.

([48]) ميسيۆ چريكۆف, س. پ, ل١٦٨.

([49]) المنشى البغدادى, م. س, ص ص٥٣-٦٦.

([50]) ميسيۆ چريكۆف, س. پ, ل١٠٢.

([51]) المنشى البغدادى, م. س, ص ص١٠٠-١٠١ .

([52]) ميسيۆ چريكۆف, س. پ, ل٩٥.

([53]) سفرنامه ادوارد اسكات وارينگ ١٨٠٢, دەسفرنامەيا سير درسفرنامەهاى جهانگردان خارجى راجع ايران, ت: مهراباجرى, انتشارات وحيد, زمستان تهران ١٣٦٩, ص٢٠١ ؛ امير مسعود رضايى, م. پ, ص٩٥ .

([54]) ميسيۆ چريكۆف, س. پ, ل٩٥.

([55]) امير مسعود رضايى, م. پ, ص٩٥ .

([56]) المنشى البغدادى, م. س, ص ص١٠٥-١٠٨ ؛ ڕيچ, س. پ, ل ل١٨٥-١٩٦.

([57]) جمال بابان, سلێمانى شارە گەشاوەكەم, دەزگاى ڕۆشنبيرى وبڵاوكراوەى كوردى, بەرگى يەگەم, بەغدا ١٩٩٢, ل٤٧؛ ئەكرەمى سالحەڕەش, سلێمانى ٢٠٠ ساڵ, پێداچوونەوەى: عزەددين مستەفا ڕەسول, چاپى سێيەم, بەرگى يەكەم, سلێمانى ٢٠١١, ل٤٧٧ .

([58]) سعدى عثمان حسين, كوردستان الجنوبيه فى القرنين السابع عشر و الثامن عشر, من منشورات مكتبه سوران, اربيل ٢٠٠٦, ص٣٥٠.

([59]) جمال بابان, س. پ, ل٤٧.

([60]) بڕوانە: پاشكۆى ژمارە (٢) نەخشەى ژمارە (١) .

([61]) جنيڤەر سكێرس, كولتورى شارنشين لەشارەكانى ڕۆژهەڵات, و: شەهلا وەلى جەبار, چاپخانەى ڕۆژهەڵات, هەولێر ٢٠١٢, ل ل٧٦-٧٧.

(٦٢) سعدی عثمان حسين, كوردستان الجنوبيه, ص٣٦٠ ؛ امير مسعود رضايي, م. پ, ص٩٤ ؛ عزت فتاح, س. پ, ل١٠٨ .

(٦٣) فەرامەرز ئاغابەگ, کورد لە سەفەرنامەکاندا, کوردەکانی ئێران لەسەردەمی سەفەوییەوە تاکو کۆتایی پەهلەوی, چاپخانەی موریانی, چاپی یەکەم, هەولێر ٢٠١٥, ل٧٣ .

(٦٤) امير مسعود رضايي, م. پ, ص٩٤ ؛ ادوارد اسكات وارينگ, م. پ, ص٢٠٠ .

(٦٥) سەعدی عوسمان هەروتی و بەختیار سەعید شوان, چالاکی بازرگانی کەرکوك لەسەدەی نۆزدەهەمدا توێژینەوەیەکی مێژوویی, گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی, ژمارە (١١), هەولێر ٢٠٠٩, ل٢١ .

(٦٦) ڕیچ, س. پ, ل٢٠٤ .

(٦٧) ه. س, ل١٩٠ .

(٦٨) میسیۆ چریکۆف, س. پ, ل ل٢٨-٢٩.

(٦٩) ماكدونالد كينز, ده سفرنامه يا سير در سفرنامه‌هاى جهانگردان خارجى راجع ايران, ت: مهراباجرى, انتشارات وحيد, زمستان تهران ١٣٦٩, ص ص٣٤٣-٣٤٧ .

(٧٠) المنشى البغدادى, م. س, ص٥٨.

(٧١) سەفەرنامەی ولیەم هیود بۆ کوردستان ساڵی ١٨١٧, و: نجاتی عەبدوڵلا, چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر ٢٠١٢, ل ل٤٤-٤٧ .

(٧٢) امير مسعود رضايى, م. پ, ص٩٤.

(٧٣) سەفەرنامەی نیبور لەسەدەی هەژدەدا, و: ئەردەلان عەبدوڵلا, دەزگای موکریانی, چاپی یەکەم, هەولێر ٢٠١٣, ل٧٨.

(٧٤) المنشى البغدادى, م. س, ص١٠٧.

(٧٥) سنندجى, تحفه, ص ٣٩؛ محمد مەردۆخی کوردستانی, مێژووی کوردو کوردستان, و: عبدالكريم محمد سعيد، بلاوکراوەکانی خانەیچاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٧, ل٢٩٥ .

(٧٦) محەمەد مەردۆخی, مێژووی مەردۆخی, س پ, ل٢٩٥ .

(٧٧) المنشى البغدادى, م. س, ص١٠٧ .

(٧٨) ڕیچ, س. پ, ل٢٠٤ ؛ میسیۆ چریکۆف, س. پ, ل١٧١ .

(٧٩) عەلی اكبر وقايع نگار كردستانى, حديقه ناصرى جغرافيا وتاريخ كردستان, به كوشش: محمد رئوف توكلى انتشارات توكلى، چاپ دوم، تهران ١٣٨٤, ص٤١ .

(٨٠) سنندجى, تحفه, ص٤٩.

(٨١) فەرامەرز ئاغابەگ, س. پ, ل٦٢ .

(٨٢) ئەیوجینا. ئای. ڤاسیلیا, شاری سنەی کوردنشین پایتەختی ئەردەڵان, گۆڤاری ( سەنتەری برایەتی), هەولێر ژمارە(٣), ساڵی ١٩٩٧ز, ل٣٣ .

(٨٣) سەفەرنامەی چریکۆف, س. پ, ل١٧٠ .

(٨٤) گەشتنامەی ڕیچ بۆکوردستان, س. پ, ل٢٠٣ .

(٨٥) فەرامەرز ئاغابەگ, س. پ, ل٨٣ .

(٨٦) نازناز محەمەد قادر, س. پ, ل٧١.

(٨٧) سعدي عثمان حسين, كوردستان الجنوبية, ص٣٨٨ .

(٨٨) مامۆستا جەعفەر, س. پ, ل ل٤١-٤٧ ؛ ڕیچ, س. پ, ل١٨٣.

(٨٩) المنشى البغدادى, م. س, ص١٠٧ .

(٩٠) ڕیچ, س. پ, ل٢٨٨ ؛ ئەكرەمی ساڵحە ڕەشە, س. پ, ل٤٧٦.

(٩١) عەبدولڕەزاق ئەسفەهانی, گەشتنامەی ئەسفەهانی بۆ شنۆ و ورمێ و ڕەواندوز, و: زاهیر محەمەد ڕەشید, دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی, هەولێر ٢٠٠٩, ل٤٤ .

(٩٢) جمال بابان, س. پ, ل٤٦ .

(٩٣) سعدى عثمان حسين, كوردستان الجنوبيه, ص٣٨٨ .

(٩٤) سەعدی عوسمان هەروتی, چالاكی بازرگانی كەركوك, ل٢٠ .

(٩٥) ئەكرەمی ساڵحە ڕەشە, س. پ, ل٤٧٧.

(٩٦) فەرامەرز ئاغابەگ, س. پ, ل٨١ .

(٩٧) ادوارد اسكات وارينگ, م. پ, ص٢٠٠ .

(٩٨) جان ڕیپێری, س. پ, ل٥٢٣ .

(٩٩) میسیو چریكوف, س.پ, ل١٧٠ .

(١٠٠) خالفين، س. پ، ل٢١.

(١٠١) ڤاسیلیەڤا, س. پ, ل ل٩٧-٩٨.

(١٠٢) عەلی ئەصغەر شەمیمی هەمەدانی, جوگرافیای كوردستانی ئێران, و: عبدالرحمن محمد, لە بڵاوكراوەكانی كۆڕی زانیاری عێراق, بەغدا ١٩٨٠, ل٨٠ .

(١٠٣) عبدوالرحمان قاسملۆ, كوردستان و كورد (لێكۆڵینەوەیەكی سیاسی وئابووری),و: عبدوالرحمان زادە, چاپی ١, هەولێر ٢٠٠٦, ل١٤٠.

(١٠٤) سەفەرنامەی ولیەم هیود, س. پ, ل٤٩.

(١٠٥) بڕوانە: چارلز عیسون, تاريخ اقتصاد ايران قاجاريه (١٢١٥-١٣٣٢هق), ت: يعقوب آرژند, نشر گسترده, چاپ اول, تهران ١٣٦٢, ص ص١٢٨,١٣٢,١٥٨,١٧٩,١٨٦.

(١٠٦) ادوارد اسكات وارينگ, م. پ, ص١٩٩.

(١٠٧) نازناز محەمەد قادر, س. پ , ل ل٧٢- ٧٣.

(١٠٨) ه. س, ل٦٦.

## لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم : کتێبە بەڵگەنامەییەکان:**

- **میرزا صالح غلامحسین, اسناد رسمی در روابط سیاسی ایران با انگلس و روس و عثماني, جلد١, نشر تاریخ ایران, مرکز پخش: انتشارات خوارزمی، چاپ اول, تهران ١٣٦٥.**

**دووەم: سەفەرنامەکان:**

**أ- به زمانی فارسی:**

- **ده سفرنامه یا سیر در سفرنامەهای جهانگردان خارجی راجع ایران, ت: مهراب اجری, انتشارات وحید, زمستان تهران ١٣٦٩.**
- **سفرنامه ادوارد اسکات وارینگ ١٨٠٢ .**
- **ماکدونالد کینز, موقعیت جغرافیائی امبراطوري ایران.**

**ب- به زمانی کوردی:**

- **جنیڤەر سکێرس, کولتوری شارنشین لە شارەکانی ڕۆژهەڵات, و: شەهلا وەلی جەبار, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر ٢٠١٢.**
- **سەفەرنامەی ولیەم هیود, بۆ کوردستان ساڵی ١٨١٧, و: نجاتی عەبدوڵلا, چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر ٢٠١٢.**
- **سەفەرنامەی نیبور, لە سەدەی هەژدەدا, و: ئەردەلان عەبدوڵلا, دەزگای موکریانی, چاپی یەکەم, هەولێر ٢٠١٣.**
- **عەبدولڕەزاق ئەسفەهانی, گەشتنامەی ئەسفەهانی بۆ شنۆ و ورمێ و ڕەواندوز, و: زاهیر محەمەد ڕەشید, دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی, هەولێر ٢٠٠٩.**
- **فەرامەرز ئاغابەگ, کورد لە سەفەرنامەکاندا, کوردەکانی ئێران لە سەردەمی سەفەوییەوە تاکو کۆتایی پەهلەوی, چاپخانەی موریانی, چاپی یەکەم, هەولێر ٢٠١٥ .**
- **کلۆدیوس جیمس ریچ, گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان، و: محەمەدی حمە باقی، چاپی پێنجەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠١٢.**
- **میسیو چریکوف, سیاحەتنامەی مسیو چریکوف، بە کوششی عەلی ئەسغەر عومران، و: سەڵاح نیساری، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر ٢٠١٣.**

**ج– به زمانی عەرەبی:**

- **محمد بن احمد الحسیني المنشي البغدادي, رحلة المنشي البغدادي, ت: عباس العزاوي, دار الوراق للنشر المحدودة, بیروت ٢٠٠٨.**

**سێیەم: تێزە زانکۆییەکان:**

- **نازناز محەمەد عبدولقادر, میرنشینیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی فەرمانڕەوایی قاجارەکاندا, لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی, ڕامیاری و ئابوریە, کولیژی ئەدەبیاتی زانکۆی صلاح الدین، هەولێر ٢٠٠١.**

**چوارەم: کتێبەکان:**

**أ- بە زمانی فارسی:**


- چارلز عیسون, تاریخ اقتصاد ایران قاجاریه (١٢١٥-١٣٣٢هق), ت: یعقوب آرژند, نشرگسترده, چاپ اول, تهران ١٣٦٢.
- امیر مسعود رضایي, ایران در زمان سلطنت ناصرالدین شاه قاجار, انتشارات پیمان, چاپ اول, تهران ١٣٨٩.
- دکتر رضا شعبانی, مبانی تاریخ اجتماعی ایران, نشر قومس, تهران زمستان ١٣٦٩.
- شیخ محمد مردوخ کردستانی, تاریخ مردوخ، چاپ اول، نشر کارنك، تهران ١٣٧٩.
- علی اکبر وقایع نگار کردستانی, حدیقه ناصری جغرافیا و تاریخ کردستان، به کوشش: محمد رئوف توکلی انتشارات توکلی، چاپ دوم، تهران ١٣٨٤.
- میرزا شکرالله سنندجی (فخر الکتاب), تحفه ناصری در تاریخ وجغرافیای کردستان، مقابله و تصحیح: دکترحشمت الله طبیبي، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران ١٣٧٥.


**ب- بە زمانی کوردی:**


- ئەکرەمی سالحە ڕەشە, سلێمانی ٢٠٠ ساڵ, پێداچوونەوەی: عزەددین مستەفا ڕەسول, چاپی سێیەم, بەرگی یەکەم, سلێمانی ٢٠١١.
- جمال بابان, سلێمانی شارە گەشاوەکەم, دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکراوەی کوردی, بەرگی یەگەم, بەغدا ١٩٩٢.
- جان.ڕ. پێری, کەریم خانی زەند: مێژووی ئێران لە نێوان سالانی (١٧٤٧-١٧٧٩)، و: سەلاحەددبن ئاشتی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٥.
- ن , أ , خالفین, خەبات لە ڕێی کوردستان, و: جەلال تەقی, چاپخانەی ڕاپەڕین, سلێمانی ١٩٧١.
- عیزت فتاح حمە صالح, هەورامان توێژینەوەیەکی سۆسیۆ ئەنترۆپۆلۆجی, سەنتەری ستراتیژی کوردستان, سلێمانی ٢٠٠٦.
- عبدوالرحمان قاسملۆ, کوردستان و کورد (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابوری), و: عبدوالرحمان زادە, چاپخانەی منارە, چاپی یەکەم, هەولێر ٢٠٠٦.
- عەلی ئەصغەر شەمیمی هەمەدانی, جوگرافیای کوردستانی ئێران, و: عبدالرحمن محمد, لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق, بەغدا ١٩٨٠.
- ی.ئی. ڤاسیلیاڤا, کوردستانی خواروی ڕۆژهەڵات، و: ڕەشاد میران، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٠.
- میرزا شکراللە سنندجی(فخر الکتاب), هۆز و تیرە و تایفەی کورد لە کوردستانی ئەردەلان، و: ئەنوەر سوڵتانی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٦.

- میهردادی ئیزەدی, چەردە باسێك لە بارەی كوردانەوە, و: ئەمین شوانی, چاپی یەكەم, دەزگای سەردەم, سلێمانی ٢٠٠٧.
- مامۆستا جەعفەر, شاری سلێمانی ململانێی گروپە كۆمەڵایەتیەكان (١٨٢٠-١٩٢٠), چاپخانەی شڤان, سلێمانی ٢٠٠٦.
- محمد فریق حسن, مێنتەلێتی خێڵ, چاپی یەكەم, لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ئاراس, هەولێ ٢٠٠٨.
- محمد مەردۆخی كوردستانی, مێژووی كورد و كوردستان، و: عبدالكریم محمد سعید، بلاوكراوەكانی خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٧.
- ماجد مەردۆخی روحانی، فەرهەنگی فارسی كوردی، دانشگاه كردستان، سنندج ١٣٨٨.

ج- بە زمانی عەرەبی:

- سعدی عثمان حسین, كوردستان الجنوبیه فی القرنین السابع عشر و الثامن عشر, من منشورات مكتبه سوران, اربیل ٢٠٠٦.
- كامران عبدالصمد الدوسكي, كردستان العثمانية في النصف الاول من القرن التاسع عشر, دار سبيريز للنشر والتوزيع, دهوك ٢٠٠٢.
- عماد الجواهری. صراع القوی السیاسیه فی المشرق العربی من الغزو المغولی حتی الحكم العیمانی, الموصل ١٩٩٠.

پێنجەم: توێژینەوەكان:

- ئەیوجینا. ئای. ڤاسیلیا, شاری سنەی كوردنشین پایتەختی ئەردەڵان, گۆڤاری ( سەنتەری برایەتی), هەولێر ژمارە(٣), ساڵی ١٩٩٧.
- سەعدی عوسمان هەروتی و بەختیار سەعید شوان, چالاكی بازرگانی كەركوك لە سەدەی نۆزدەهەمدا توێژینەوەیەكی مێژوویی, گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی, ژمارە (١١), هەولێر ٢٠٠٩.
- بابا شێخ حوسێنی, بەرامەی شكۆ و كوژانەوەی دەسەڵاتی ئەردەلان, كۆی و تارەكانی كۆنگرەی ئەردەڵانناسی زانكۆی كوردستان, چاپخانەی ڕۆشنبیری, هەولێر ٢٠١١).

## پاشکۆکان

### پاشکۆی ژمارە (١)

**بەلگەنامەی ژمارە (١)**

**بابەت: دزینی کەلوپەل**

**مێژوو: ١٨٢٠ز**

**سەرچاوە: اسناد رسمی در روابط سیاسی ایران با انگلس و روس و عثماني**


**لاپەڕە: ٦٩**

### نامەی میجرجورجولك جێگری بریکاری دەوڵەتی ئینگلیز کە بۆ قائیمقامی دەوڵەتی ئێرانی نوسیوە

سەبارەت بە کەلوپەلی مستەر ڕیچ کە لەسەرخاکی قەڵەمڕەوی پایە بەرز والی کوردستان لێی دزراوە, پێشتر بە خزمەت خاوەن شکۆی خاوەن دەوڵەتی باڵا دەست ڕاگەیەنرا بوو, لە وەڵامدا فەرمووبوی کە والی دەڵێت لەسەر خاکی کوردستان نەبووە. ئێستاش دووبارە ڕایدەگەیەنێت کە دزینی کەلوپەلی مستەر ڕیچ لە سەرخاکی پایە بەرز بووە, بۆچی هەر ئەو کاتەی کە ماڵەکەی تێدا دزرا, مستەر ڕیچ کەسێکی ناردبووە لای والی بۆ ئەم مەبەستە و والی بەرپرسیاریەتی هەڵنە گرتبوو. پوختەی کەلوپەلی ناوبراو زینی ئەسپ وشتومەکی پیاوەکانی و هەموو شتەکان بایی (٣٠٠) تومەن دەخەملێنرا, و هەر کاتێك لەبەرچاوگرتن ولایەنگری مەبەست و ویستی کارگێڕانی دەوڵەتی بالادەست بێت, مهرەبانی بفەرموون پیاوێك ڕەوانە بکەن بۆ بە دواداچوونی کەلوپەلی ناوبراو و دۆزینەوەی و, گومانی تێدا نیە کە خاوەن شکۆ هیچ درێغی ناکات.

## پاشکۆی ژمارە (٢)

### نەخشەی ژمارە (١)




**ڕێگا بازرگانیەکان لە سەدەی نۆزدەهەم**

**دەستکردی توێژەر بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی( المنشی البغدادی؛ میسیۆ چریکوف؛ جمال بابان)**

## ملخص البحث

كان للموقع الجغرافي لإمارة اردلان أهمية الخاصة في الحياة الاقتصادية لايران. هذه الاهمية تأتي من ناحيتين, الاولى بسبب موقعها الجغرافي من توفر المناخ الملائم للزراعة و تربية المواشى و وجود غابات كثيرة و كثيفة كانت سببا في النمو الاقتصادي لهذه الإمارة. والثانية, ان موقعها في غرب إيران وعلى الحدود مع الدولة العثمانية جعلت من الإمارة طريقا مهما للقوافل التجارية القادمة من الدولة العثمانية و بالاخص مدينة السليمانية و, كذلك بالنسبة للطرق الداخلية الايرانية, فإن إمارة اردلان كانت تربط طرقا تجارية مهمة.

البحث في العلاقات الاقتصادية و لالاخص التجارية لها أهميتها كونها لاتتاثر فقط بموقعها الجغرافي, و انما بالعلاقات السياسية ايضاً التي كانت سبباً في احيانٍ كثيرة في نمو الاقتصاد أو بالعكس. ان موقع هذه الإمارة في غرب ايران التي كانت موضع نزاع مستمر بين الدولة العثمانية و ايران, فأعطت لهذه اموقع أهمية كبيرة, ليست لكونها معبراً للعلاقات الاقتصادية فقط, بل لأنها كانت ايضاً منطقة مهمة للإنتاج الحيواني والنباتي.

هذا البحث تختلف عن البحوث السابقة التي تطرقت الى الحالة الاقتصادية لهذه الإمارة بشكل عام, حيث تضمن هذا البحث التطرق الى الحياة الاقتصادية بشكل دقيق و خاصة حركة التبادل التجاري.

إضافةً الى الدور المهم التي كانت تلعبه هذه الإمارة للدولة الايرانية, حيث كانت المعبر الاقتصادي لمدن إيران وكذلك خارجها. فإن التجارة لم تكن المهنة الرئيسية لسكان هذه المنطقة رغم كونهم المنتجون واليد العاملة, إنما كانت التجارة محصورة في القوميات الاخرى( كالفرس و الترك والارمن ...الخ), والكورد كانت لهم دور هزيل في هذه الناحية, حيث كانت تجمع المنتوجات المتنوعة من قبل بعض التجار الكورد, ولكنها تصرف و تصدر خارجيا من قبل تجار اخرين من غير الكورد.

**ABSTRACT**

The geographical stand of Ardalan had an important remark in the financial side of Iran. The importance were from two sides: firstly because of the appropriate weather for agriculture and live stocks and a rich forest, secondly the geographical position of Ardalan which was located in western of Iran and near the frontier of Othman empire in particular sulaimany.

The research shows the importance of financial position of this empire due to the geographical position of Ardalan, which was located in the western of Iran and was always became a negotiation point between Iran and Othman empire. Here the geographical position of Ardalan has an important impact particularly in war and financial relations, because Ardalan was an appropriate place for both agriculture and livestock.

In this research, the researcher sheds some light on those aspects of Ardalan which was different from previous papers. Previous papers indicated the financial aspect of Ardalan Empire in general, while this paper stated the economical aspect of this empire in detail.

Furthermore, Ardalan had a great impact on economical aspect in Iran and it was a bridge between cities of Iran with other cities outside Iran. But unfortunately, the goods were from the certain place in Ardalan Empire but Persians, Turks, and Arman controlled the business movement.